کوژرانی منداڵێکی فەڵەستینی لە کەناری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل

ئەمڕۆ سەشەمە، منداڵێکی فەڵەستینی دوای ئەوەی لە باکووری کەناری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بە سەختی بریندارکرا، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

ئەمە سەیەم هاووڵاتی فەڵەستینییە کە ئەمڕۆ لە کەناری ڕۆژئاوا بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بکوژرێت.

وەزارەتی تەندروستی فەڵەستین لە ڕاگەیاندراوەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە هێزەکانی سوپای ئیسرائیل هێیانکوتاوەتە سەر شاری توباس لە کەناری ڕۆژئاوا لە ئاکامدا پێکدادان لەنێوان فەڵەستینییەکان و سەربازانی ئیسرائیلدا ڕوویداوە.

ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی ئەوپێکدادانە، ژمارەیەک هاووڵاتی فەڵەستینی بە گوللەی سەربازانی ئیسرائیل بریندارکراون لە نێواندا منداڵێکی فەڵەستینی بە ناوی ئەحمەد جەمیل وەهدان(14 ساڵ).

باسی لێوەیش کردووە کە ئەحمەد جەمیل وەهدان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە.